نابێت: یەکێکتان میز بکاتە نێو ئاوێکی وەستاو بکات کە ڕێ ناکات وپاشان خۆی تێیدا بشوات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت: یەکێکتان میز بکاتە نێو ئاوێکی وەستاو بکات کە ڕێ ناکات وپاشان خۆی تێیدا بشوات». ولە گێڕانەوەیەکدا: «نابێت یەکێکتان خۆی بشوات لە نێو ئاوێکی وەستاودا (کە ڕێ ناکات) لە کاتی لەشگران بوونیدا».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لە میز کردن لە نێو ئاوێکی وەستاودا کە ڕێ ناکات وەکو بۆ نمونە لە نێو (گۆمێک ئاو)؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پیسبوونی وتەشەنە کردنی نەخۆشی کە لەوەیە لە میزەکەوە پەیدا ببێت ئەمیش دەبێتە هۆی زیانلێدان بۆ هەرکەسێک ئەو ئاوە بەکاربهێنێت، ولەوەیە ئەو کەسەی میزی کردووە خۆی بەکاریبهێنێت وخۆی پێ بشوات، چۆن میز لە نێو ئاوێک دەکات کە دەیەوێت پاش ماوەیەک وەکو پاککەرەوە بەکاریبهێنێت. وهەروەها پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە کەسێک لەشی گران بێت لە نێو ئاوێکی وەستاودا خۆی بشوات؛ چونکە ئەمە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاوەکە بە چڵک وپیسیەکانی لەشگران بوون.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3047